## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەفەرەنسی و پاشان بەعەرەبی، بەیەک بەش بڵاو کراوەتەوە. بۆیە حەز ئەکەم بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەمەوە کە بۆ کردم بە دوو بەش.

کاتی خۆی، نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر، ئەم کتێبەم بەعەرەبی دەست کەوت، کە ئەندازیار (دەروێش غالب) کردوویەتی بەعەرەبی و حەمید دەروێش پێشەکی بۆ نووسیوە و، لێی نووسراوە بەشی یەکەم. کە چاپێکی زۆر سادە بوو.

دوای خوێندنەوەی و لەبەر زانیارییەکانی ناوی کە بابەتی نەبیستراو و نوێی تیایە بۆ خوێنەری کورد، بەتایبەت لە کوردستانی باشوور، بەتایبەتتریش، بۆ نەوەی نوێ، بۆیە بڕیارم دا بیکەم بەکوردیی و ساڵ زیاتر خەریکی بووم تا تەواوم کرد.

دوای تەواوکردنی و ئامادەکردنی، بیستم ماوەیەک لەوەوبەر هاوسەر و کوڕەکەی (د. نوورەدین زازا) سەردانی هەولێریان کردووە، بۆیە هەوڵم دا ئەدرەسیان بدۆزمەوە و پەیوەندییان پێوە بکەم و پرسیان پێ بکەم بۆ چاپکردنی کتێبەکە. بەکورتیی، لە برایەکی ڕۆژنامەنووس لە هەولێر کە دیداری لەگەڵ کردبوون، ئێمەیلی (شەنگۆ)ی کوڕی دکتۆر زازام وەرگرت و نامەیەکم بۆنارد، کەمن فلان کەسم و بەنیازی کارێکی لەو جۆرەم. لە وەڵامدا ئەوان ناڕەزاییان دەربڕی، پێیان ڕاگەیاندم کە تەنیا ئەو و دایکی مافی بەکارهێنانی نووسراو و بەرهەمەکانی دکتۆر نوورەدین زازایان هەیە. منیش بە نائومێدییەوە، دەستم لە هەڵگیریی بابەتەکە هەڵگرت و خستمە پەنا



چەندین کتێبی تر کە کردوومن بەکوردیی و تەمەڵیم کردووە لە بڵاوکردنەوەیان.

چەند مانگێک لەمەوبەر کاک بەدران ئەحمەد حەبیب، لێپرسراوی دەزگای ئاراس، لای کاک ئاکۆ غەریبی هاوڕێم پرسیاری کتێبێکی وای کردبوو (دیاربوو کوڕەکەی دکتۆر زازا دوای ئیمەیلەکەی من پەیوەندیی بەکاک بەدرانەوە کردبوو). پێی ڕاگەیاندم کە ئەوان تەواوی یاداشتەکانی دکتۆر زازایان بەعەرەبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. و ئیمتیازی بڵاوکرنەوەی نووسین و بەرهەمەکانی ئەویان لە هاوسەر و کوڕەکەی وەرگرتووە و پێیان خۆشە کوردییەکەش چاپ بکەن.

کاک بەدران کۆپییەکی یاداشتەکانی بەعەرەبی بۆ ناردم، منیش بڕیارم دا کە بەشەکەی تریشی بکەم بەکوردی و هەمووی بەیەکەوە بڵاو بکەمەوە، بەڵام کە خوێندمەوە و لەگەڵ ئەوەی لای خۆمدا بەراوردم کرد، سەیرم کرد ئەوی دووەم چەندین هەڵەی وەرگێڕانی تێدایە، بۆیە بەچاکم زانی تێکەڵاویان نەکەم و بەشی دووەم بەجیا بکەم بەکوردیی و سەرچاوەیەکیش بدۆزمەوە بۆ چاککردنی هەڵەکان.

بۆیە بەشی یەکەمی چاپی کوردی بیرەوەرییەکانی (دکتۆر نوورەدین زازا) پێشکەش ئەکەم بەگیانی پاکی دکتۆر زازا کە ژیانی خستە خزمەتی گەلەکەیەوە و، پێشکەشە بەهاوسەر و کوڕەکەی.

باسیت حەمەغەریب

سلێمانی

١١ی شوباتی ٢٠٠٨

